بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی بالای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ١٠١٨ بەروار / ٤ / ١٢ / ٢٠١٩

# حوكمی سپیكردنی ئارد و جیاوازی كێشی بەرهەمە خۆراكیە لەكیسكراوەكان لە زستانان و هاویناندا

قال الله تعالى: {فاسألوا أهلَ الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: ٤٣).

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين بإحسان لهم إلى يوم الدين:

دوابەدوای ئەوەی كە كۆمپانیای نەورەس/ لقی هەولێر، لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٢١ بە ژمارە ٣٢/١١ پرسیارێكیان ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان كردبوو، سەبارەت بە حوكمی سپیكردنی ئارد، و جیاوازی كێشی نۆك و فاسۆلیا و بەرهەمە خۆراكیە وشكەكانی تر، لە زستانان و هاویناندا و دیاریكردن و نووسینی وەزنەكانیان لەسەر كیسەكانیان لەكاتی (تعبئە) كردنیان؛ ئەنجومەن لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٩ دوای لێكۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتەو گەڕانەوە بۆ بەڵگەو دارشتە شەرعیەكان بەم شێوازەی خوارەوە وەڵامی كۆمپانیای ناوبراوی دایەوە:

١- سەبارەت بە سپیكردن و بە سفركردنی ئارد:

أ- ئەگەر ئاردەكە بەهۆی هاڕینی سروشتیەوە ببێتە سفر، یان بەهۆی سپیەتی خودی گەنمەكەوە سپی ببێت ئەوە دروستەو هیچ ڕیگریەكی شەرعی لە فرۆشتن ومامەڵە پێكردنیدا نییە.

ب- ئەگەر بە مادده كیمیاویەكان، یان هەر شتێكی دیكەی زیانبەخش ئەم كردارە ئەنجامدرا؛ ئەوە درووست نی یە، بەتایبەت ئەگەر سەلمێنرا كە لە ڕووی تەندرووستیەوە زیانی هەیە بۆ بەكارهێنەرانی چونكە پێغەمبەر - درودی خوای لەسەر بێت - دەفەرموێت: (لا ضرر ولا ضرار) رواه (الحاكم عن أبي سعيد الخدري (رضى الله عنه) في المستدرك على شرط الصحيحين ووافقه الذهبي على شرط مسلم) ، جگە لەوەش كە ئەمە غەش و فێڵكردنە و غەشیش پێچەوانەی شەرعە، چونكە پێغەمبەر - درودی خوای لەسەر بێت -

دەفەرموێت: (من غش فليس منا) رواه مسلم، (عن أبی هريره رچی الله عنه ) هەروەها ئەگەر ئاردی سپیش بە مەوادی دیکە ڕەش بکرێت، تا وەك ئارد و نانی جۆ بفرۆشرێت هەر غەشە و هەمان حوکمی هەیە.

٢- سەبارەت بە جیاوازی کێشی بەرهەمە خۆراکیە لەکیسکراوەکان لە زستانان و هاویناندا لەگەڵ ئەوەی لەسەرکیس یان فتووەکەی دەنوسرێت:

أ- ئەسڵ وایە، کە ئەو شتومەکەی بە وەزن و کێشان و پێوان و ژمارەیە؛ وەك خۆی بێت بێ زیاد و کەم.

ت- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی لەکیسکردن و لە قوتووکردن و ئامادەکردنیان بۆ فرۆشتن(تعبئە) وەزنەکەی لەسەر بنووسرێت، ئەگەر ١٠٠٠گرام نووسرابوو، لە راستیشدا ٩٠٠ گرام بوو ئەوە دەبێتە غەش، مەگەر بە گۆترەو بە ڕەزامەندی کڕیار و فرۆشیار مامەڵەی پێوەبکرێت.

پ- لەبەر ئەوەی هۆکاری سروشتی -سەرما و گەرما- کاردەکەنە سەر زیادکردن و کەمکردنی کێش و بێگومان کە ئەوەش لە دەسەڵاتی کۆمپانیا نیە؛ بۆیە وا چاکترە، کە لەسەر بەرگی کیس و قوتووەکان بنوسرێت: (ئێمە بەرپرس نین لە زیادکردنی کێشی بەرهەمەکانمان، بەهۆی هۆکارە سروشتیەکان)، هەروەها باش وایە رەچاوی نرخێکی گونجاو بکرێت، لەزستان و هاویندا بەپێی زیاد کردن و کەم کردنی وەزنی ئەو خواردەمەنیانە.

خوای گەورە یارمەتیدەری دڵسۆزانە ... وصلی الله علی سیدنا محمد وآلە وصحبە وسلم

(رالله تعالی اعلم)

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

٢٢/ ڕبیعی یەکەم/١٤٤١هـ= ٩/١١/٢٠١٩م= ١/٩/٢٧١٩ك